# شێوەکاری و دەرفەتێکی نوێ بۆ شوناسسازی لەبەرهەمەکانی هونەرمەندێکی کورددا

**ئاڵا ڕەزایی**
**(بۆکان)**

بە درێژایی مێژوو، زمانی هونەر، زمانێکی جیاواز و کاریگەر بووە، هەر بۆیە لە سەرەتای پێکهاتنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، مرۆڤ هەوڵی داوە جودا لە زمانی ئاسایی بۆ پێوەندی و دەربڕین و بەراوردکردنی پێداویستییەکانی خۆی، لە زمانێکی کاریگەرتریش بگەڕێ تا بتوانێ لە دەرەوەی ئەو زمانە ئاساییە، بە هەندێ کۆد و نیشانە و هێمای جیاوازەوە مەبەستی خۆی دەربڕێ. گەڕانەوە بۆ مێژووی ئەو جۆرە داهێنانە و زمانسازی و هێما خوڵقاندنە، پێویستی بە گەڕانەوە بۆ مێژووی هونەری جیهانی کەونارا و گەڕان بە دوای یەکەمین دیاردەکانی ئەو بوارە هەیە.

ئەگەر بە کورتی ئاماژەیەک بەو شوێن دانەرییە بکەین، بەو ئاکامە دەگەین مرۆڤ بەدەر لە زمانی دەبڕین و سیستمی پێکهاتوو لە وشە و ڕستە و ئەو زنجیرە دال و مەدلوولانەی وشە و هێما زمانییەکان سازی دەکەن، لە پێکهاتەیەکی دیکەش گەڕاوە بۆ دەربڕین و پێوەندی، کە لەو بازنەی وشە و سیستمە هێماییە کەلامییە بێتە دەر. کاراترین بوار، کایەی شێوەکاری و زمانی وێنە بووە. ئێستاش وێنەی نەخشاو لەسەر دیواری ئەشکەوت و لەسەر تەختی ڕەوەزی شاخە کەڤناراکان، دەقگەلێکن ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە و شیکارییان بۆ دەکرێ.

لە سەردەمی جیاوازی دیکەشدا مرۆڤ لە زمان و دەربڕینی دیکە گەڕاوە. نموونەی ئەو زمانەش دەتوانین لە بەشێکی مێژووی یۆنان و ڕۆمی کەونارادا ببینینەوە. گرینگی جێگە و پێگەیەک کە هونەری شانۆ لەو وڵاتانەدا بوویەتی، ئەگەر بارێکی پێشکەوتن و دۆزینەوەی ڕۆچنەیەکی نوێی هونەری بووە، لایەنێکی دیکەی گەڕان بۆ دۆزینەوەی زمانێکی جیاواز و کاریگەرتر بۆ دەربڕین بووە، کە ئەوان ئەو زمان و بوارە تازەیەیان لە شانۆدا دیوەتەوە. دۆزینەوەی سەرچاوەکانی پێوەندیدار بەو سەردەمەی یۆنان، بەتایبەتی نووسینەکانی ئەفلاتوون ئەوە نیشان دەدەن کە پلە و پایەی هونەری جیاوازی شانۆ چۆن بووە.

ئەو کورتەیە تەنیا ئەوە نیشان دەدا زمانی

جیاواز و دەربڕینی نائاسایی بۆ بابەتە هەستیارەکان، چۆن دەتوانێ سەرنجی بەردەنگ ڕابکێشێ، ئەوجا ئەو بەردەنگە هەم دەتوانێ بەردەنگی خۆیی بێ و هەم دەتوانێ لە سنوورێکی گەورەتردا بەردەنگی بیانی و کەسانێک بن لە دەرەوەی بازنەی شوناسی نەتەوەیی ئێمەدا.

ئەگەرچی هونەری شێوەکاری لە ناو کورددا مێژوویەکی دێرینی نییە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا هەندێک هەوڵی بە کەڵکی بۆ دراوە، هەرچەندە تا ئیستاش نە ئەو هونەرە و نە هونەری شانۆ نەبوونەتە بەشێک لە نەریتی جوانیناسی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی.

لەو نووسینەدا تەنیا دەمەوێ ئاماژە بە هەندێک بەرهەمی هونەرمەندی لاو و بەهرەداری کورد (سەعادەت بارزانی) بکەم کە هەوڵێکی تایبەتە لە بواری هونەری شێوەکاریدا. ئەم خاتوون هونەرمەندە کە قوتابی بواری هونەر بووە و ئەو شێوازەی دەربڕین و جوانیناسی بە شێوەی زانستی خوێندووە، لە هەر دوو شێوازی ڕیالیزمی و سوریالیزمیدا بەرهەمی خوڵقاندووە. دیارە بەرهەمەکانی لەو دوو بوارەدا پێویستی بە لێوردبوونەوە و شیکاری تایبەت هەیە و ئەو باسە مەودا و دەرفەتێکی زۆرتری دەوێ.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، پڕۆژەیەکی تایبەتە لە ناو کۆی بەرهەمە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندەدا، کە دەتوانێ کاریگەری هەم لەسەر بەردەنگی کورد و هەم لەسەر بەردەنگی غەیرە کورد هەبێ.

هونەرمەند سەعادەت بارزانی لە پرۆژەی پۆرترێتی کەسایەتییە کاریگەرەکانی کورددا هەوڵێکی تاقانەی داوە. Portrait painting شێوەکاری پۆرترێت، جۆرێک وێناکردنی کەسایەتییەکانە لە ڕوانگەی



هونەرمەندەوە. ئەو شێوە هونەرییە هەر لە دێر زەمانەوە لە ناو هونەرمەندانی گەورەی شێوەکاردا هەبووە. بۆ وێنە پۆرترێتی نووسەر و هونەرمەندانی گەورەی وەک دەستۆیڤسکی و تۆلستۆی و نیتشە و ڤاگنەر و پیاوانی سیاسی وەک ناپلیۆن و مارکس و لینین و ڕێبەرانی دیکەی فیکری و سیاسیی جیهان، ئەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە هونەرمەندانی شێوەکار لەو بوارەوە ویستوویانە جودا لەوەی توانایی و هونەر و داهێنەرێتی خۆیان بنوێنن، لایەنێکی کەسایەتی بەرباسیشیان لە ڕێگەی پۆرترێتەکانیانەوە بناسێنن، ناسینێک کە پێوستی بە زمانی ئاسایی نەبێ. ناسینێک لەسەر بنەمای زمانی وێنە و ڕەنگ و هێڵ، ئەوەش زمانێکی گەردوونییە، کە هیچ حەوجێی بە وەرگێڕان و تێگەیاندنی زیاتری بەردەنگ نییە، بەردەنگ ئەوەی دەیبینێ، دەیناسێ و لە ڕێگەی چاوەوە خەریکی خوێندنەوەی دەقێکە کە پیت و ڕستەکانی ڕەنگ و هێڵ و وێنەن.

ئەوەی لەو هەوڵەی (سەعادەت بارزانی) دا گرینگە ئەوەیە کە؛ ئەو کۆمەڵێک تاک وێنە، یان پۆرترێتی مرۆڤی کاریگەری کوردی نەخشاندووە، کە هەرکام لە بوارێکدا شوێن پەنجەیان بەسەر بەشێک لە شوناسی کوردەوە هەیە، واتە پرۆژەکەی ئەو ئەوەندەی پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، ئەوەندە پرۆژەیەکی تاکەکەسی نییە. جەخت لەسەر کەسایەتییە

کاریگەرەکانی کوردە لە بوارەکانی سیاسەت، بێ لەبەرچاو گرتنی ئاراستەی سیاسییان و تەنیا بە مەرجی کاریگەری ئەرێنییان لەسەر سیاسەتی کورد، کەسایەتییە هونەرییەکانی کورد کە لە بواری خۆیاندا خاوەن داهێنانن، کەسایەتییە مێژووییەکان کە بەشێک لە مێژووی کورد قەرزداری چالاکی ئەوانە، کەسایەتی ژنی کارامەی کورد، کە نوێنەری بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردن، لەهەمان کاتدا نیشاندەری دۆخی جیاوازی ژنی کوردە لە جواگرافیایەکدا کە چوار دەوری بە وردە وڵاتانی دژە ژن تەنراوە و... نیشاندەری ئەوەیە هونەرمەند دەیەوێ لەو رێگەیەوە وێنەیەکی گەورەتر بە بەردەنگەکەی نیشان بدات، واتە ئەگەر هەر پۆترێیەکی ئەو هونەرمەندە بە تەنیا وێناکردنی سیما و کەسایەتی تاکێکی کاریگەری کوردە لە بوارێکی تایبەتدا، کۆی وێنەکان نیشاندەری وێنەیەکی مەزنترن، کە ئەویش شوناسی دەوڵەمەندی مرۆڤی کوردە لە جواگرافیایەکدا بە ناوی کوردستان. لە شێوازی کۆلاژدا، هونەرمەندان هەوڵ دەدەن بە لە پەنا یەک دانانی وردە





مەتریاڵەکان، وێنەیەکی گەورەتر و مانادارتر ساز بکەن. وێنەیەک کە هەم لەوێدا هەر ماتریاڵێک مانا و واتایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەم کۆی ئەو ماتریاڵ و شتانەی لە پەنا یەک چنراون و پلانیان بۆ دارێژراوە، پێگە و مانا و واتایەکی گەورەتر بە دەستەوە دەدەن کە لە هەمووشیان جیاوازە، هەموویانە و هیچ کامیشیان نییە. ئەوەی هونەرمەند سەعادەت بارزانی هەوڵی بۆ داوە، کارێکی لەو شێوەیەیە. هەموو پۆرترێکان بە تەنیا خاوەن کەسایەتی و مانا و مێژووی خۆیانن و گشتیشیان پێکەوە و لە پەیجێکدا واتایەکی گەورەتر بە بەردەنگ دەبەخشن، واتایەک کە دەتوانین لە ژێر ناوی شوناسسازانی کورددا کۆی بکەینەوە.